# " ڕۆژی جیهانی منالآن، و کۆیله کەم تەمەنەکان "

**ئا: سەعید ئەمانی**

دنیایەکی کە تێیدا ژیان بەسەر دەبەین، ئەوەندە سەروەتمەندە کە نیازی بەکاری منالآن نەبێت. خاوەنی ئەوەندە کەرەسە و ئیمکاناتە کە بتوانێ برسێتی، نەداری، و "کۆیلەیی منالآن"ی پێ لەڕیشەوە هەڵتەکێنێ. بەلآم، کێشەی سەرەکی خودی نیزامی سەرمایەداریە. ئەمە یاسای بنەڕەتی سەرمایەداری، یاسای زێدەبایی یە، کە منالآن دەکێشێتە ژێر کارەوە و دەیانکاتە کۆیلەی حەقدەست و دەیانچەوسێنێتەوە.

ڕۆژی هەشتی ئۆکتۆبر بەرانبەر بە شانزدەی ڕەزبەر ڕۆژی جیهانی منالآنە. ئەم ڕۆژە بۆنەیەکە ساڵیانە بۆ ڕێزگرتن لە ماڤ منالآن لە سەرتاسەری دنیادا جێژن و ئاهەنگی جۆراوجۆری بۆ وەرێ دەخرێ. ئەمساڵ لە هەل و مەرجێك دا بە پیر ئەم ڕۆژەوە دەچین کە لە دنیای بەڕواڵەت مۆدێڕن و پێشکەوتوودا نەداری و برسیەتی، چەوساندنەوە، هەلآواردن و نابەرابەری، دەستدرێژی جنسی، بەرێوەبردنی سزای ئیعدام و شەلاق، شەڕ و کوشت و کوشتار، تەوهین و سووکایەتی پێکردن، هەروا ژیانی مرۆڤەکانی گەمارۆ داوە. لەم نێوانەشدا ئەوە منالآنن کە کەوتوونەتە ناوجەرگەی ئەم هەل و مەرجە بێسەرەوبەرەی، سەمەرەی نیزامی سەرمایەداری یەوەو قورسایی بەرداشی ئەم بارودۆخە ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر خەریکە ژیان و گوزەرانی ئەم توێژەبێ دەسەلآت و بێ پشتیوانەی کۆمەلآگای بەشەری دەهاڕێ. منالآن، یەکەم قوربانیانی شەڕ و ئاوارەین و نەهامەتیەکانی بارانی بۆمب و موشەکەکانی دروستکاروی دەستی ئینسانی لە خۆ بێگانی سەردەم، بەر لە هەرکەس، ئاڕاستەی بەرژوەندیەکانی ئەم توێژەیە. ئەگەر بمانەوێ ئاماژە بە نمونەکان بکەین چارەنووسێکی کە ئێستا منالآنی عێراق، ئەفغانستان، فەلەستین و باقی ولآتانی شەڕ لێدراوی دنیا تێیدا قەراریان گرتووە و ڕۆژانە هەل و مەرجی فەلآکەتباری ژیانیان، بە شێوەی هەواڵ و ڕاپۆڕتی جۆراوجۆر، لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی دنیا دەڕازێنێتەوە، بەرچاوەو هیچ پاساوێك هەڵناگرێ.

منالآن بەئاشکرا بوونەتە کۆیلەی کرێگرتە لە سەرتاسەری دنیادا. ئەم "کۆیلە هەرزان باییانە" لە هەموو شوێنێك دەبیندرێن، لە باکوورەوە تا باشوور و لە ڕۆژهەلآتەوە تا ڕۆژئاوا. ئەم کرێکارە، یان باشترە بڵێین، ئەم کۆیلە بێ داروبار و لاوازانە گشت کارخانە و مەزراکان، کارگای قاڵی بافی و کانەجۆراوجۆرەکانیان پڕ کردووە و لە بارودۆخێکی گەلێك دژوار و نامرۆڤانە و تاقەتپڕوکێن دا، لە بەیانیەوە تا درەنگانی ئێوارە، سەرگەرمی کار کردنن.

"ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی کار" ILO، ژمارەی ئەم کرێکارە کەم تەمەنانە، ژێر چواردە ساڵ،ی بە بانتر لە 400 چوارسەد ملیۆن کەس داوەتە قەڵەم. بەلآم ئەمە، بە هیچ شێوەیەك گشت ڕاستیەکان ئاشکرا ناکات. تەنانەت کارناسانی خودی ئەم ڕێکخراوەیەش دانیان بەوەداناوە کە ژمارەی منالآنی کار دەکرێ سێ تا چوار بەرابەری ئەم ڕێژەیە بێت. دەوڵەت و خاوەنکارەکان، دەستکەوتێکی زیاتریان لە شاردنەوەی ژمارەی کۆیلە

هەرزان بایی و کەم تەمەنکانیان و بێسەروسەدا چەوساندنەوەیان دەچێتە گیرفانەوە تا ئەوەی بێن و ئامارێکی ڕاستەقینە بدەن بە دەستەوە.

کرێکارانی کەمتەمەن لە ئەندۆنزی توتن، لە سریلانکا چای، لە بڕیزیل قاوە، و لە میسر گوڵی یاسەمەن دەچننەوە. لە هێند، ئەڵماس دەتاشن. و لە لێوارە پان و بەرینەکانی پڕۆدا، تەڵا دەشۆنەوە. ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنیا لە هێند نزیك بە 70 تا 115 ملیۆن منداڵ خراونەتە ژێرکاری کۆیلانەی کرێگرتەوە. "کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پاکستان، HRCP، کرێکارانی مناڵی ئەم وڵاتەی بە 12 ملیۆن مەزندە کردووە، کە نیوەیان لە خوارتەمەنی 10 ساڵیەوەن. بەڵام، بە پێچەوانەی بۆچوونە باوەکان، دیاردەیەکی "کۆیلە هەرزان باییەکان" تایبەت بەوڵاتانی ناسراوبە دنیای سێهەم، یان "لە قۆناغی گەشەدا" نین. لە هەرجێیەك شوێنەوارێك لە نەداری و هەوڵ بۆ زیندوومانەوە بەرچاو بکەوێت، ئەوانیش دەبیندرێن. تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی و بە ناو دیموکراتیك یش دا.

بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕەسمی "کۆنفدراسیۆنی نێونەتەوەیی یەکێتیە سەربەخۆکان "300 تا 500 هەزار کرێکاری کەمتەمەن لە کارگای پارچە بافی، چەرم سازی، کەوش درون، و مەزراکاندا سەرگەرمی کارن، کە زیاتر دەکەونە شارەکانی ناپل، میلان، جنوا و سیسیل. سەمەرەی کاری ئەم کۆیلە کەمتەمەنە کرێگرتانە بە ڕادەیەك زۆر و سەرسوڕهێنەرە کە بەشێکی بەرچاو لە شەبەکە مافیاییەکانی ئەو وڵاتانەشی تێوە گلاوە. لە ئیتالیا و بەشێك لە وڵاتانی تری پیشەسازی ڕۆژانە زیاتر لە 6 کاتژمێر کاربەم کرێکارانە دەکرێ بەڵام حەقدەستی کەمتر لە یەك لە سێی کرێکارێکی ئاساییان دەدرێتێ.

ئەم کۆیلە کەمتەمەنانە، لە وڵاتانی ئیسلامزەدە دا سەرەڕای هەل و مەرجی دژواری کار، سەر و کاریان لەگەڵ شەرع و یاسا گەلێکی وەحشیانەی سەدە ناوەڕاستیەکان دا هەیە و بە تەواوی ژیانی لێ کردوون بە دۆزەخ. بە ملیۆن مناڵی کرێکار لە وڵاتانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی ئیسلامی دا گیرۆدەی یاساگەلێکی دواکەوتوانە و نامرۆڤانەن کە بە هیچ شێوەیەك کەمترین تروسکەی داکۆکی کردن لەم کۆیلە کەم تەمەنانەی تێدا بەدی ناکرێ. مناڵ، بە گشتی لە یاسای ئەو وڵاتانە دا موڵکی سەربەستی بنەماڵەیە و مافی بەسەربردنی دەورانی ژیانی مناڵی و بەهرەمەند بوون لە خوێندن و گەشە کردنی، بەبێ ڕەزامەندی سەرپەرستی بنەماڵەکەی، لێزەوت دەکرێ و بە حوکمی ئەوەی بەشێکی زۆر، یان بە گشتی، ئەم مناڵە کرێکارانە سەر بە بنەماڵە نەدار و دەستکورتەکانی ئەو وڵاتانەن کەوتوونەتە ئاوا هەل و مەرجێکەوە.

بە پێی ئاماژەی ڕاپۆرتە ڕەسمیەکان، ئێران سێهەمین وڵاتی دنیایە لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانی بەروبووی کاری دەستیەوە. تەنیا لە پیشەی قاڵی چنین دا، زیاتر لە دو ملیۆن کرێکار سەرگەرمی کارن، کە بە زیادکردنی بنەماڵەکانیان، بەم ئامارە، ئەم ڕێژەیە لە سنوری هەشت ملیۆنیش دەترازێ. بۆ نموونە لە کۆی دانیشتوانی یەك ملیۆن و 850 هەزار کەس دانیشتووی یەکێك لە شارەکانی ئەم وڵاتە، 240 هەزارکەسیان بە پیشەی چنینی قاڵیەوە سەرگەرمن. کە ئەم ڕێژەیە دەتوانێ، کەم تا زۆر، ئاوێنەی باڵانوێنی بەشێکی زۆر لە شارەناپیشەیی و کەم داهاتەکانی سەرتاسەری ئێران بێت. هەر ئەم ئامارانە دەڵێن زیاتر لە یەك ملیۆن و 300

هەزار کارگای قاڵیبافی تەنیا لە 30 هەزار گوندی سەرتاسەری ئێران دا دامەزرێندراون، و دیارە بەشی هەرەزۆری کرێکارەکانی ئەم ناوەندانەش لە منالآن پێکدێت. سەرتاسەری شەقام و سەر چوار ڕێیانی شارە گەورەکانی ئێران پڕن لە منالی دەستفرۆش کە هەر کامەیان بەش بە حالی خۆی بە بەدەستەوە گرتنی بەستەیەك بنێشت، چەند بەستە دەسمالٚ کاغەزی، چەند بەستە سیگار، چەند شاخە گولٚ و فرۆشتنیان، و یان، فلچە بە دەستەوە خەریکی واکس کردنی کەوشی "خوا پێداوەکانن" تا یارمەتیدەری دابینکردنی پێداویستیەکانی بنەماڵە نەدار و دەستکورتەکانیان بن. هێندێك لەو منالآنە، وەك شاگرد دوکاندارەکان، بەبێ ئەوەی حەقدەستێکی دیاریکراویان پێبدرێ سەرگەرمی کار و فێربوونی پیشەیەکن کە کەمتر لە ئامارە جۆراوجۆرەکاندا بەسەر دەکرێنەوە. پێویست بە ئامارژەیە ئەو منالآنەش کە لەگەلٚ بنەماڵەکانیان لە کۆرە خشت پێژیەکاندا کار دەکەن لە جوملەی ئەو منالآنەی کارن کە کەمتر لە ئامارەکاندا ئامارژەیان پێ دەکرێ. کچانی کەمتەمەن لە ژێر یاسا دواکەوتووەکانی دەسەلآتی ئیسلامی لەئێران زیاترین گوشار وئەزیەت وئازاریان رووبەروو دەبێتەوە ولەماف پێشێلکراوترین بەشی منالآنی ئێرانن. هەر لەتەمەنی نۆساڵییەوە بەژن بە حیساب دێن ودەخرێنە ژێر گوشارەوە تا بەپێی ڕێنمایی یاسا شەرعیەکان هەڵس وکەوت بکەن. دیارە ئەمەش خۆی دابڕینی ئەم منالە کچانەیە لەدەورانی شیرینی تەمەنی منالی و زیندانی کردنیانە لە ژێر ڕووپۆشە جۆراوجۆرە ئیسلامیەکان و کەلێن و پەسیوە تاریکەکانی یاسا نامرۆڤانە ودواکەوتووەکاندا.

لە ئێرانێکدا کە زیاتر لە 12 ملیۆن لە دانیشتوانی لە ژێر هێڵی نەداری دا ژیان بەسەر دەبەن، ئاساییە کە بارودۆخی ژیانی منالآنی، دەبێ گەلێك لەوەی بیری لێدەکرێتەوە لە مەترسیدابێت. ئەمە لە حالێکدایە منالآنی ئێران، بە پێی یاسا شەرعی و قەزاییەکان، بە هاسانی سزای ئیعدامیان بەسەردا جێ بە جێ دەکرێ و زیندانەکانی ئەم ولآتە بەشێکی بەرچاو لە منالآنی، بە بیانوی جۆراوجۆر، لە خۆ گرتووە. بەشێکیان، بە ناوی منالآنی خیابانی، وێڵی کۆلآن و شەقامی شارە گەورەکان بوون و بەردەوام لە ژێر ئەزیەت و ئازاری مەئمۆرانی ڕژیم و دەستدرێژی و سوئیستفادەی کەسانی قازانج پەرەست دان.

بە گشتی، دەکرێ بڵێین سایەی ڕەشی ڕژێمی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژێکەوە کەوتۆتە سەر ژیانی خەڵکی ئەم ولآتە نەهامەتی و ڕۆژ ڕەشی بۆ تەواوی دانیشتوانی ئێران بە گشتی و منالآن بە تایبەتی بە دیاری هێناوە. ڕاپۆرتێکی هەواڵدەری حەیات دەڵێ "بە پێی ئاماری ینسکۆ بەشی ئێران لە منالآنی خیابانی دا 400 هەزار کەسە... لەم ڕێژەیە وەك ئامارێکی کە بەڕێوەبەرایەتی خانەی سەوز (ناوەندی شناسایی، کۆکردنەوە و ئاگا لێبوونی منالآنی خیابانی لە تاران) سەر بە معاونەتی شارەداری تاران بلآوی کردۆتەوە، بەبێ بە هەژمارکردنی منالی شارۆمەندانی خاریجی، نزیك بە 25 تا 30 هەزار منالی خیابانی لە تاراندا هەن، و ڕۆژانە 100 تا 150کەسیان لێ دەمرێ. لە کۆی منالآنی خیابانی لە تاران، 60 لە سەدیان خەڵکی شارەکانی دیکەن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە، لە وەها هەل و مەرجێك دا، بەڕێوە بردنی ڕۆژی جیهانی منالان و بەرپا کردنی جێژن و ڕێ و ڕەسمی جۆراوجۆر لە سەرتاسەری دنیا دا، چ بارێك لەسەر شانی منالآنی ئازار چێشتووی کار و

**بێبەش لە خوێندن و گشت مافێکی منالی، شادی و خۆشیەکانی ژیان سووک دەکات؟ منالان نیازمەندی دنیایەکی دوور لەم ڕەنج و ئازارانەن، ئەوان ئاسایش و بەهرەمەند بوون لە گشت پێداویستیەکانی ژیانیان دەوێ و دەبێ بۆیان دەستەبەر بکرێ. ئەمەش بەبێ ئاوەژوو کردنەوەی مناسباتی زاڵ بەسەر دنیای ئەمڕۆدا بە تەواوی نا مومکینە و دیارە تەنیا هەوڵ و کۆششێکی گشتی دەتوانێ لە دۆزەخی ئەم نیزامە قازانج پەرستەمان ڕزگار بکات و بمانگەیەنێتە ئاستی دەستەبەربونی داخوازیەکانمان و هاتنەئارای دنیایەك منالان سەردەمی منالی خۆیانی، بەواتای ڕاستقنە، تێدا تێپەڕکەن.**